2021

هێمن مەحمود

# کورتەیەك
# لە مێژووی دەربەندیخان

ڕێبەرێك بۆ شارەزابوون لە مێژووی شاری دەربەندیخان

# کورتەیەك لە مێژووی دەربەندیخان

هێمن مەحمود

چاپی یەکەم/ 2021

**کورتەیەك لەمێژووی دەربەندیخان**

**بابەت: مێژوو**

نوسینی: هێمن مەحمود

تیراژ: 500 دانە

نرخ: (1500 ) دینار

چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠٢١

*ژمارەی سپاردن : ( 2089 ) ی ساڵی 2021 ی لەکتێبخانەی گشتی پێدراوە

**مافی لەچاپدانەوەی بۆ (نوسەر) پارێزراوە**

پێڕست

مێژووی هاوچەرخ و کارگێڕی دەربەندیخان.........لا 9

باری کۆمەڵایەتی دەربەندیخان...................لا 19

پێکهاتەی ناوچەی دەربەندیخان...................لا 29

زمان و ئەدەبی دەربەندیخان......................لا 40

هونەر و راگەیاندن.............................لا 44

بومەلەرزەکەی دەربەندیخان......................لا 54

وێنەکان...................................لا 57

## پێشەکییەکی کورت

هاوینی ساڵی 2017 لەرێگای هاوڕێیەکەوە ئاگادارکرام کە چەند بەشێك لەمێژووی دەربەندیخان بۆ رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بنوسم کە خەریکی ئامادەکردنی مێژووی پارێزگای سلێمانین، منیش بەپشت بەستن بەچەند سەرچاوەیەك و وەرگرتنی زانیاری لەچەند بەرێوبەرێکی ئیداری دەربەندیخان، ئەم کورتە مێژووەم ئامادەکرد کە لەسەر چەند بنەمایەکی پیشەیی و بێ لایەنانە ئامادەکراوە کە رێکخراوەکە دەستنیشانیکردبوو ئامادەکراوە، دیارە بەهۆی رووداوەکانی ساڵی 2017ی هەرێمەوە رێکخراوەکە هەرێمی بەجێهێشت و پرۆژەکە سەرینەگرت، منیش ئەم چەند ساڵە ئارامم گرت بەڵکو پرۆژەکە سەربگرێت بەڵام دیارە سەرینەگرت و منیش بڕیارمدا چیدی دوای نەخەم.

ئەم کورتە مێژووە تاوەکو کۆتایی ساڵی 2017 لەخۆدەگرێت و بەدڵنیاییەوە لەم چەند ساڵەی دوایدا زۆر گۆڕانکاری روویانداوەو دەکرێت بەکتێبێکی سەربەخۆ بنوسرێتەوە و لێرەدا باسنەکراوەو دەکرێت کەسێکی تر دوای من درێژەی بداتێ.

دیارە کورتە مێژووەکە دوور لەلایەنداری و زۆر بەپیشەییانەو بێ هیچ مەبەستێك نوسراوە، بەدڵنیاییەوە هیچ کارێك نیە بێ کەموکورِی بێت و پێویستی بەدەوڵەمەندکردن نەبێت، بۆیە بەسوپاسەوە پرِ بەدڵ سوپاسی ئەو کەسە دەکەم کارەکەم دەوڵەمەندتر دەکات و بەسەرنج و رەخنەکانی خۆشبەختم دەکات. لەکۆتاییدا ئەم کورتە مێژووە مێژووی هەموو شارو کەسایەتی و شوێنەکان نیە بەڵکو کورتەیەکەو هیچی تر.. بەهیوای سودبینین و زانیاری بەخشین بەهەموو لایەك...

هێمن مەحمود/

پایزی 2021

## پێشەکییەك لەلایەن (کۆچەر کەریم) نوسەری کتێبی (مێژووی دەربەندیخان):

خۆشحاڵم نوسەری ئەم کتێبە لەم بەرهەمەیدا بەشێوەیەکی کورت و پوخت ناسنامەی ناوچەکەی بەکۆمەڵێك زانیاری گرنگ دەخاتەوە بەردەست کە زۆرجار بێ وەڵامن بۆ زۆرێك لەو پرسیارانەی کاتێك باس لەدەستپێك و پلانی ئاوەدانبوونەوەو لەسەرپێکەوتنی بناغەی دروستبونی شار پێویستمان پێیانە کە وەڵامگەلێکی راست و درووستن.

نوسەر لەم بەرهەمەیدا بە ماندووبونێکی کەمی خۆێنەر توانیویەتی کەسەکان بە زۆر زانیاری ئاشنابکات لەسەر شار و ناوچەکە کە ئەڵبەت ئەم زانیارییانە گرنگن. ئەوەی گرنگە زیاتر ئاماژەی پێبدرێت لایەنی کۆکردنەوەو بەئەرشیفکردنی ئەو بابەتانەن کە سبەی یاخود بۆ هەتایە لەئەدەبیات و مێژووی ئەم شارەدا بەزیندوێتی دەمێنێتەوەو هەر کات خوێنەر بیەوێت بەئاسانی دەستیان دەکەوێت کە هەموشمان باش ئاگاداری ئەوەین کە دەربەندیخان و ناوچەکە لەڕووی ئەدەبیات و مێژووی و فەرهەنگییەوە دەوڵەمەندەو لەئامێزیدا هەزاران بابەتی زانیاری گرنگی هەڵگرتووەو ئەوەی زیاتر بۆ گرنگە زووتر نوسینەوەو

بەسەرچاوەکردنن بۆ کتێبخانەی کوردی تا هەمیشە لەداهاتوودا رۆڵی باشتری باسەکان بەئامادەو ئاسان لەبەردیدەی خوێنەراندا بێت.

بۆیە پێویستە هەمیشە رۆڵی ئەو کەسانە بەرز بنرخێنین کە خەمخۆرانە و هەریەك لەناوچەیەك ئەرك و هیلاکییەکان لەئەستۆ دەگرن تا زیاتر خزمەت بکەن و باشتر زانیارییەکان بەمیللەت بگەیەنن سەبارەت بەو بەرهەمانەی کە سەلمێنەری ئەوەن کە خاوەن نیشتیمان و زمان و فەرهەنگ و مێژوویەکی راست و دروستن.

ئەم کتێبە پێشکەشە بە تەواوی دانیشتوانی

دەربەندیخان بەبێ جیاوازی

# مێژووی هاوچەرخ و كارگێڕی دەربەندیخان

دەربەندیخان شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای سلێمانییە و (٦٨) کم لەباشووری ئەو پارێزگایەوە دوورە، رووبەرەکەی ٧٠٣، ٢کم دووجایە، بە رووباری سیروان لە رۆژهەڵات و رووباری دێوانە لە رۆژئاواوە دەورە دراوە.

لەناوەندی قەزای دەربەندیخان و ناحیەی باوەخۆشێن پێکدێت. لەسەردەمی پاشایەتی دا، ناوچەی دەربەندیخان و گوندەکانی دەوروبەری سەر بەناحیەی (وارماوا) بووە کە بنکەکەی لەگوندی (چەمەرگە)ی نزیك دەربەندیخان بووە و ٥٥ گوندی گرتۆتەوە: کانی میل، شەمە، وێلەکە، پاشا رێ ، جەرداسنە، ئالان و حاسڵ، دەق، قەڵبەزە، ئەحمەد برندە، وازۆڵ، گولان، میرەدێ، چنارە، بیرکێ، دێوانە، زەلەرەش، سوفی وەنەکان، فەقێ جنە، چەمەرگە، دەرەدۆین، گولانەکان، پونگڵە، بانی خێلان...هتد. لەساڵی ١٩٥٥ تا ١٩٥٨ (عەبدولجەبار زەنگەنە) بەرێوەبەری ناحیە بووە. لەپاش شۆرشی ١٤ ی تەموز ١٩٥٨ بەرێوەبەرێتی ناحیەی (وارماوا) گوازراوەتەوە بۆ دەربەندیخان و ناوەکەی گۆردراوە بۆ ناحیەی دەربەندیخان.

له ٢٨ی شوباتی ١٩٧٠ دەربەندیخان لەگەڵ شاری کەلار بەیەك مەرسوومی کۆماری لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی عێراقەوە کراونەتە قەزا.

ناحیەی باوەخۆشێن: پێشتر گوند بووە، ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کراوەتە ناحیە و کەوتۆتە بەشی رۆژئاوای شاری دەربەندیخان و (١٠)کم لەناوەندی دەربەندیخانەوە دوورە. یەکەم بەڕێوەبەری ناحیە ناوی (زانا بەهائەدین) بووە، ساڵی ٢٠١٠ شارەوانی تیادا کراوەتەوە (لەتیف باقی) یەکەم سەرۆکی شارەوانی بووە.

دەربەندیخان لەسەردەمی حکومەتی عێراقدا، چەند دامودەزگایەکی لێ کراوەتەوە: قائمقامیەتی دەربەندیخان ١٩٧٠یەکەم قائیمقام ناوی (عەلی فەتاح دزەیی) بووە، بەشی سامانی ماسی ١٩٧٠، کشتوکاڵ ١٩٧١، دادگا ١٩٧٣ یەکەمین دادوەر (فەرید فەتحولاّ ئەسعەد)، ناوەندی لاوان ١٩٨٢، کارەبا ١٩٨٧ یەکەم بەڕێوەبەر (ئەحمەد حەسەن عەلی)، بنکەی تەندروستی ١٩٥٦ یەکەمین پزیشك (د.عەلی سەعید)، قوتابخانە ١٩٥٨، بەنداوی دەربەندیخان ١٩٦١، وێستگەی کارۆئاوی ١٩٧٩، کارگەی ئاوی بانی خێڵان ١٩٨٠.

لەسەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەساڵی ١٩٩٢ دەربەندیخان بووەتە ناوەندی ئیدارەی (پارێزگای کەرکوك)ی ئازادکراو، کە ئیدارەیەك بووە سەرپەرشتی قەزاو ناحیەو گوندە ئازادکراوەکانی کەرکوك و ناوچەی گەرمیانی کردووە، کە دواتر لەساڵی ٢٠٠٨ ئەم پارێزگایە هەڵوەشاوەتەوەو دامودەزگا ئیدارییەکانی براوەتە قەزای کەلار و ئیدارەی گەرمیانی لێ دروستکراوەو دەربەندیخانیش بۆ ماوەیەك خراوەتە سەر ئەو ئیدارەیە، لەسەردەمی ئیدارەی (پارێزگای کەرکوك) لەدەربەندیخان چەند فەرمانگەیەك لەناو شاری دەربەندیخان کراوەتەوە لەوانە: پەروەردە ١٩٩٣ یەکەم بەڕێوەبەر (حسێن حەسەن عەلی)، بانکی رەشید ١٩٩٦ یەکەم بەڕێوەبەر (ئەحمەد حەسەن ساڵح)، رۆشنبیری ١٩٩٧ یەکەم بەڕێوەبەر (سەرکەوت مەجید)، مەڵبەندی رۆشنبیری دەربەندیخان ٢٠٠١ یەکەم بەرپرس (سامان مەحمود)، کتێبخانە ١٩٩٨ یەکەم بەڕێوەبەر (شێخ سەعید شاکەلی)، گەشتوگوزار ٢٠٠٧ یەکەم بەڕێوەبەر (ئەنوەر حەمە عەلی).

گوندەکانی دەربەندیخان، ناوچەیەکی پشتگیرو ئارامی شۆڕشەکان بووە، چەندین بارەگا و بنکەی هێزەکانی پێشمەرگەی لێ بووە، بەتایبەت لەساڵانی ١٩٧٥_ ١٩٨٨، دەیان جار بە فڕۆکە و تۆپ بۆردوومان

کراوە، حکومەت لەسالآنی ١٩٧٧_١٩٨٨ چەندین هێرشی بۆ سەر ئەو گوندانە کردووە، کە ئازادبوون و دەستی پێ ڕانەگەیشتوون، چەند گوندێکیش دانیشتوانەکەی بەر شالآوی ئەنفالەکان کەوتووە.

لە ١٩٦١/٩/١٠ لەنزیك تونێلی دەربەندیخان یەکەم شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو حکومەت ڕوویداوە کە لەمێژوودا بەشەڕی (کەوا شۆڕەکان) ناسراوەو بەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول دادەنرێت، هۆکاری ناولێنانی شەڕەکەش بەو ناوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ژمارەیەك لە دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری دەربەندیخان وەك هاوکارییەك بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لەشاخەکانی ئەو ناوە پەیوەندی بەو هێزانەوە دەکەن و جلوبەرگەکانیان (کەواو سەڵتە) بووە، هەربۆیە شەڕەکە بەو ناوە ناونراوە.

هەر لەسالآنی شەستەکاندا جوتیارانی گوندەکانی بانی خێلآن و دەردەۆین بەهۆکاری کاریگەری بیری شیوعیەت رادەپەڕن و چەندین داواکاری خۆیان بەسەر دەسەلآتدا دەسەپێنن.

لەمێژووی دەربەندیخاندا کارەساتێکی خوێناوی هەیە، کە ئەویش کارەساتی قەتلوعامی گوندی (سیارە)یە، لەتۆڵەی پەلاماردانی هێزێکی

سەربازی حکومەتی عێراق لەلایەن پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، لەسەر رێگای سەرەکی سلێمانی_ دەربەندیخان، لەنزیك گوندی سیارە، زەعیم سدیق کە فەرماندەیەکی سەربازی حکومەتی عێراق بووە، لەرۆژی ١٩٦٣/٣/٥ بەهێزێکەوە لەکاتی گەڕانەوەی لەبەغداوە بۆ سلێمانی، دەڕواتە ناو گوندەکەوەو ١٧ هاوڵاتی بێ تاوان بەبەرچاوی کەسوکارەکانیانەوە شەهید دەکات و ژمارەیەکیش بریندار دەکات، ئەم رووداوە لەمێژوودا بەقەتڵوعامەکەی گوندی سیارە ناوبانگی دەرکردووە.

ناوی شەهیدکان: مەلا مەحمود میران ئیسماعیل، محەمەد میران ئیسماعیل، فەرەج حەمە ئەمین، رەمەزان مەحمود رەحمان، رەسوڵ مەحمود رەحمان، ئەمین خەسرەو، قادر حەمە ئەمین رەحمان، مەلود رەحمان حەمە ئەلیاس، ساڵح ئەحمەد عەلی، فەتاح رەحمان رەز، ساڵح پیرەوەیس، حسێن فەتاح رەحمان، عەزیز کەریم، غەفور فەرەج عەلی، عەبدولقادر حەمە ئەمین، ئەحمەد مارف وەسمان، کەریم پیرەوەیس حەمە.

لەساڵانی حەفتاکانیشدا ناوچەکە ناوچەی ململانێی نێوان هەردوو حزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بەوهۆیەشەوە

چەندین شەڕی ناوخۆیی خوێناوی لەنێوانیاندا روویداوە، کە دەیان کەس تیایدا بوونەتە قوربانی.

لەسالآنی هەشتاکانیشدا چەندین شەڕو داستانی پێشمەرگە لەناوچەکە تۆمارکراوە: بانی خێلان، کانی سارد، شاخی زەردە، شەمێران، بناری بەمۆ، سەربازگەی چنارە، ئیمام قادر...هتد.

لەناوەندی قەزای دەربەندیخانیش چەندین جار هێزەکانی پێشمەرگە چالاکییان ئەنجامداوەو پەلاماری دامودەزگاکانی حکومەتیان داوە، بەو هۆیەشەوە حکومەت چەندین ماڵی رووخاندووەو چەندین هاولآتیشی دەستگیرکردووە.

لەجەنگی عێراق_ ئێرانیشدا ١٩٨٠-١٩٨٨، دەربەندیخان بەهۆی بوونی بەنداو و وێستگەی کارۆ ئاوی و نزیکی لەسنورەوە، هەروەها بەهۆی بوونی سەربازگە و ناوەندی سەربازی گرنگی عێراقیەوە، ناوچەیەکی شەڕی نێوان هەردوو ولآت بووە، شاخەکانی زمناکۆ و شەمێران و زەواڵی ناوەندی چەندین پێکهەڵپژان و هێرشی سەربازی بوون هەردوو لابوون کەدەیان هەزار سەربازی تیادا کوژراوە.

لەساڵانی هەشتاکاندا چەند جارێك ناوەندی قەزای دەربەندیخان کەوتۆتە بەر هێرشی تۆپە دوورهاوێژەکانی ئێران و بۆردوومان کراوە و بەو هۆیەوە خەڵکی شارەکەیان چۆڵکردووە، لەبەهاری ١٩٨٨ بەتەواوەتی شار چۆڵکراوە و تا وەستانی شەڕ لەمانگی ئاب ی هەمان ساڵدا، خەڵکی گەڕاونەتەوە و دووبارە لەشاردا ژیان دەستیپێکردۆتەوە.

لە بەرەبەیانی ١٩٩١/٣/٩، هاوشێوەی شارەکانی تر، ژمارەیەك ئەندامی رێکخستنی حزبەکان لەمزگەوتی (ئیحسان)ەوە بانگی راپەڕینی شاریان داوە و لەماوەیەکی کەمدا خەڵك و شانە نهێنییەکان شارەکەیان ئازاد کردووە و دەستیان گرتووە بەسەر تەواوی داموو دەزگا حکومییەکان.

لەدوای راپەڕین و لە تەواوی ئەو رووداوو پشێویانەی کە روویداوە، خەڵکی شارەکە هەمیشە پارێزگارییان لە هەردوو پرۆژەی بەنداو و وێستگەی کارۆ ئاوی و کارگەی ئاوی کانزایی بانیخێڵان کردووە و نەیانهێشتووە تالاّن بکرێت.

گوندەکانی دەوروبەری دەربەندیخان بە ٣ قۆناغ راگوێزراون:

قۆناغی یەکەم ١٩٧٥: گوندەکانی ئەوبەری سیروانی گرتۆتەوە، بەشێکیان راگوێزراون بۆ ناوشاری دەربەندیخان و کەلار و بەشێکیشیان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان.

قۆناغی دووەم ١٩٧٨: ئەم قۆناغە گوندەکانی شەمێران و زمناکۆی گرتۆتەوە.

قۆناغی سێهەم ١٩٨٧_ ١٩٨٨: لەم قۆناغەدا پرۆسەی ئەنفالەکان چەندین گوندی گرتۆتەوە (کانی سارد، باوەخۆشێن، بانی خێڵان، چەمەرگە ...هتد)، دانیشتوانەکەی بەشێکیان هێنراونەتە شاری دەربەندیخان و بەشێکی تریشیان نێردراون بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان.

هەندێ لە دانیشتوانی ئەو گوندانەش نەچوونەتە ئۆردوگاکان و لە شارەکانی سلێمانی، کەلار نیشتەجێ بوون، بەشێکیشیان ئاوارەی ئێران و وولاتانی ئەوروپا بوون.

دوای راپەڕینیش زۆربەی گوندەکان بەهاوکاری دانیشتوان و رێکخراوە ناحکومییەکان ئاوەدان کراوەتەوە و خەڵکەکەی بۆ گەڕاوەتەوە.

سەرچاوە:

*کۆچەر کەریم حەمە عەلی، دەربەندیخان لەمێژوودا، چاپی یەکەم، چ. گەنج، سلێمانی ٢٠١٢.

*یاسین رەسوڵ عوسمان، مێژووی دەربەندیخان لەبنیاتنانەوە تا چرکەساتی راپەڕین (١٩٥٤_١٩٩١)، چاپی یەکەم، چ.نەنوسراوە، دەربەندیخان/ ٢٠٠٤.

* چاوپێکەوتن لەگەڵ (محمد ناسیح مەلا حەسەن) قائیمقامی دەربەندیخان_٢٠١٧.

# باری کۆمەڵایەتی دەربەندیخان

دەربەندیخان لە کۆمەڵێك هۆزو عەشیرەت و تیرە و بنەماڵە پێکهاتووە: شەرەفبەیانی، هاروونی، وەڵەدبەگی، وەلی، تاوەگۆزی، خێڵی باوە، شاتری، وەستاکان، گەلاڵی، میروەیسی، سەلیم پیرکی، رۆغزایی، کوێرەکی، ئیمامی، خدربەگی، شێخ سمایلی، شێخەکان...هتد. چەندین کەسایەتی ناوداریان لێ هەڵکەوتووە: زاهیر بەگی کوڕی یار ئەحمەد بەگ، رەئوف بەگ، حاجی مەحمودی هاروونی، حاجی عەبدوڵای فەقێ، مەلا ئەحمەدی بانی خێلان، سەلاح مەردان، حەمە فەرەجی فەتاح، مامە عەلە رەش، شێخ محەمەدی سۆڵە..هتد.

ژمارەی دانیشتوانی قەزای دەربەندیخان بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٢ (٢٨٧٤١ ) کەسبووە، بەپێی ئاماری دەستەی ئاماری هەرێم لەساڵی ٢٠١٥ ژمارەی دانیشتوانەکەی ٥٢٩٤٥ کەسە، لە ٩٢٪ی شارنشین و لە ٨٪ی گوندنیشنن: ناوەندی قەزای دەربەندیخان و گوندەکانی ٥١٧١٧ کەس، ناوەندی ناحیەی باوەخۆشێن و گوندەکانی ١٢٢٨کەس.

هاوڵاتیانی پێڕەوی ئاینی ئیسلام دەکەن و سوننە مەزهەبن، پێشتر هەندێ جولەکە و مەسیحی لێ بووە، بەڵام ئێستا کەسیان لەوێ

نەماونەتەوە، لە کۆنەوە حوجرە و مزگەوتەکان ناوەندی خوێندەواری و پێگەیاندنی خەڵك و رۆشنبیری بوون، بەڵام ئێستا بەهۆی کاریگەری پێشکەوتنی بواری پەروەردە و فێرکردن، تەنها چەند ناوەندێکی ئاینی هەیە کە ساڵانە لەبۆنەکانی جەژن و رێورەسمە ئاینییەکاندا دەردەکەون و چالاکی ئاینی ئەنجام دەدەن.

دەروێشەکان لە بازاڕ و بەتایبەت لەناوەندی شاردا، چەندین نمایشی دەروێشانە ئەنجام دەدەن و چەقۆ و سیغ و تیرەکان دەکەن بە جەستەی خۆیاندا، سۆفییەکانیش لە مزگەوتەکاندا خەتم و تەهلیلە و عیبادەتی شەوانە ئەنجام دەدەن و ساڵانەش مەولود نامە سازدەکەن.

لەدەربەندیخان کە مردوویەك دەمرێت خەڵکانێکی زۆر دوای جەنازەکەی دەکەون و دەیبەن بۆ گۆڕستان، لەوێ دەنێژرێت. لەناوچەکەدا قسەیەك هەیە دەڵێت (لەهەرکوێ دەژیت بژی، بەڵام بۆ مردن وەرەوە بۆ دەربەندیخان) ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ رێزگرتن لە مردوو و قەرەباڵغی دروستکردن و ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر لەکاتی بەرێکردنی مردووەکە بەرەو گۆڕستان.

دەربەندیخان، بەهۆی باری سروشتی و کۆمەڵایەتیەوە، جاران بەشی زۆری کەلوپەل و خواردن، جل وبەرگ و پێویستی دانیشتوانەکەی دابینکردووە، تائێستاش ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە سامانی کەلەپوری و فۆلکلۆری، دەیان دابونەریتی کوردیی تیاماوەتەوە و بایەخیان پێ دەدرێت، بەتایبەت میوانداری، هەروەها پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە دۆخێکی زۆر باشدایە و هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵکدا بە ئاسانی چارەسەردەکرێت چونکە بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی خزمی یەکترین یاخود خزمی خزمی یەکترین.

شایی و ژنخوازی بەجۆرێك بووە پاش مارەبڕین بەپێی توانا لەماڵی زاوا شایی و ئاهەنگ گێڕدراوە، جاری وا هەبووە هەفتەیەك پێش گواستنەوەی بووك هەڵپەڕکێ دەستپێکردووە، ٤_٥ ژن چێشتیان لێ ناوە و چەند مەڕێك سەربڕدراوە، باشترین خواردنی شایی (برنج و قەیسی) بووە، ئێوارەی پێش گواستنەوەی بووك ،(پێ خەسوو) بەڕێ دەکەوت بۆ ماڵی بوکێ بۆ ئامادەکردن و رازاندنەوەی، (ماین)ێکی رەسەنیان دەهێنا و پێ خەسوو سواری دەبوو، مەوجێکیان دەدا بەسەر قاچیدا، رۆن و برنج و گۆشتیان بارئەکرد بەرەو ماڵی بوکێ، بەڵام

(خویَ) یان نەدەبرد، چونکە بەبۆچونی ئەوکاتە خویَ خراپبووە، چونکە سوێرە.

لەماڵی بوکیَ کولیچە ئەکراو لە (هەوانە) یەکدا کە کەسێك هەڵی دەگرت کولیچە بەسەر خەڵکیدا دابەش ئەکراو گۆرانی ئەوترا.

بوکیَ سواری ماینێك دەکرا و (پشتە)یەکیان دەدا بەسەر بوکدا و مشکییەك بەسەر جەستەیەدا، پیاوێکیش لە خزمانی نزیك زاوا زەینی ماینەکەی دەگرت تا ماڵی زاوا، بەدەم گۆرانییەوە پێشوازی لەبوکیَ دەکرا.

بەڵام لەبەردەم زاوادا بوکیَ لە ماینەکە دانەدەبەزی، هەتا شتێکی پیَ نەدرایە، ئیتر زاواش دەهات دەیوت (کەژی زمناکۆ) یان (کەژی گولاَن) بۆ تۆ (ئەمەش واتە بوکیَ هێندە سەنگین و بەرێزە موڵکایەتی ئەو شاخانەی هەیە) پاشان بوکیَ دادەبەزی و دەچوویە ماڵی خۆی.

ئەوەی جێگای سەرنج بووە زۆرجار دیاردەی (ژن بەژن) وەك نەریتێك باو بووە، کە لەئەنجامدا کێشەیەکی زۆری خێزانی درووستکردووەو بووەتە هۆی هەڵوەشانەوەی بەشێك لەخێزانەکان، بەڵام لە ئێستادا ئەم نەریتە کزبووەو تاڕادەیەك نەماوە.

لەدەربەندیخان، ئارەزووی راوكردن و یاری فۆلكلۆری و چەند دیاردەیەكی كۆمەلآیەتی بەربلاون، گەنجان و پیاوان چەندین یاری فۆلكلۆری ئەنجام دەدەن.

لەدەربەندیخان رەوتی كاروانی وەرزشی وەك بوارەكانی تر لەگەلٚ هاتنی بیانییەكان بۆ دروستكردنی جادە و تونێل و بەنداوی دەربەندیخان لەسەرەتای سالآنی پەنجاكان دەستپێكردووە، شوێنی هەردوو قوتابخانەی زمناكۆو دەربەندیخان كە ناسراوبوون بە (بەنگەلٚەكان) گۆڕەپانێك بووە بیانییەكان یاری (تۆپ قاڕێنی) ئەمریكییان تیاكردووە، هاوكات لەگەڕەكی كەمپی خواروو یاری (بلیارد)ی تیاكراوە.

لەكۆتایی سالآنی ١٩٦٠ (ئیسماعیل نیعمە) (ئەبو حەقی) كە كرێكارێك بووە لەبەنداوەكە كاری كردووە یەكەم تیپی تۆپی پێی دامەزراندووە.

لەسالٚی ١٩٧١، ٣ تیپی تۆپی پیٚ هەبووە: شەریكە، بەمۆ، دەربەندیخان. لەسالآنی هەشتاكانیش چەندین تیپی نویٚ دروستكراون كە توانیویانە بەشداری پالٚەوانێتیەكانی سلێمانی بكەن و ناوو ناوبانگێكی باش لەمێژووی تۆپی پێی ناوچەكەدا دەستەبەربكەن: تیپی لاوانی

دەربەندیخان ١٩٨٢، تیپی زیرەك ١٩٨٥، بەمۆ، نەورۆز، زانکۆ، هاوکاری، مەولەوی، هێرش، ئاشتی...هتد.

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، وەرزش لە شارەکەدا گەشەی زیاتری کردووە و چەند یانەیەکی وەرزشی تیادامەزراوە: یانەی گوڵان ١٩٩٣ دواتر نەماوە، یانەی گەرمیان ١٩٩٤ دامەزراوە و ساڵی ١٩٩٨ بەناوی یانەی زمناکۆ مۆڵەتی وەرگرتووە، هەمان ساڵ لەسەر بڕیاری (مام جەلال) و (مەلا بەختیار) سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی لەگەڵ یانەی وەرزشی دەربەندیخان تێکەڵاوکراون.

یانەی وەزرشی دەربەندیخان لەساڵی ١٩٩٣ مۆڵەتی رەسمی وەرگرتووەو برەوی بەچەندین یاری جۆراوجۆر داوە و تیپەکانی لەچەندین خولی جیاوازی هەرێمی کوردستاندا یاری دەکات: تۆپی پێ لەخولی پلەیەکی کوردستان، باسکەی کوڕان لەخولی نایاب، باسکەی کچان لەخولی نایاب، بالەی کوڕان وکچان لەخولی پلە یەك.

لەدەربەندیخان چەند فێرگەیەکی تۆپی پێ هەیە: فێرگەی یانەی وەرزشی دەربەندیخان زیاتر لە ١٢٥ فێرخوازی هەیە، فێرگەی سەنتەری چالاکی

گەنجان زیاتر لە ١٢٠ فێرخوازی هەیە، فێرگەی بالەو باسکەی کچان زیاتر لە ١٠٠فێرخوازی هەیە.

٥٠ تیپی تۆپی پێ ی میللی هەیە کە سەدان گەنج تیایدا یاری دەکەن، ٣ هۆڵی لەشجوانی پیاوان و ژنان هەیە، ٣ هۆڵی یارییەکانی کیك بۆکسێنگ و تایکواندۆ هەیە، ٢ یاریگای گەورەو چەند یاریگایەکی تارتانی ئەهلی هەیە، گروپێکی شاخەوانی هەیە کە ناوەندی وەرزش و لاوان سەرپەرشتی دەکات.

لەبەرئەوەی ئەم ناوچەیە هەر لەکۆنەوە رێڕەوی هاتوچۆی رێبواران و کاروانچییان بوو، ئەمە هۆکارێك بووە بۆ سەرهەڵدانی بازرگانی لەناوچەکەدا، هەرچوار گوندی (بانی خێڵان، فەقێ جنە، سەلیم پیرك، کانی سارد) رۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان گێڕاوە لەو بازرگانییەدا، کاری بازرگانی ئەو سەردەمە زیاتر بە ئاڵو وێری گۆڕینەوە بووە چونکە دراو کەمبووە.

دواتر چەندین پیشەو بازرگانی سەری هەڵداوە: زێڕەنگەری، جۆلایی، دارتاشی، مزگەریی، بەنایی، ئاسنگەری، راوە ماسی، بەرهەمهێنان و فرۆشتنی خەڵوز، ئاشگێڕی، قەسابی، کوتاڵ فرۆشی، وێنەگری، بەرگ

درووپی، یەکەمین گەرماویش کە بۆ پیاوان بۆ ژنانیش بووە لە ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن (تاڵیب عەزیز عەباس) (تالە کۆکزی) دروستکراوە.

دەربەندیخان یەکێك بووە لەو شوێنانەی بۆ ساڵانێکی زۆر سینەمای تیادا بووە، لە ساڵانی سەرەتای پەنجاکان و لەلایەن ئەو بیانییانەی کە لە دروستکردنی بەنداو و تونێلەکانی دەربەندیخاندا کاریانکردووە، لەگەڕەکی (کەمپی خواروو) کە ئێستا پێ دەوترێت (سیروان) شەوان سینەمایان خستۆتە ئیش بۆ ئەو کرێکارو فەرمانبەرانەی لەو پرۆژانەدا کاریان کردووە، زۆرجاریش خەڵکی ناوچەکانی تری وەك هەڵەبجە و قەرەداخ و دێهاتەکانی دەوروبەر هاتوون بۆ سەیری ئەو سینەمایە و تەماشای ئەو فلیمانەیان کردووە کە نمایشکراوە.

چەند رێکخراوێکی ناحکومی هەیە کە بەشێکیان سەر بەحزب و لایەنە سیاسیەکانن: (ی.ن.ك): کۆمەڵەی خوێندکاران، رێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان، یەکێتی ژنانی کوردستان. (پ.د.ك) یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی قوتابیانی کوردستان. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان: رێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان، رێکخراوی خوشکانی یەکگرتووی

ئیسلامی. حزبی شیوعی کوردستان: یەکێتی قوتابیانی گشتی کوردستان. رێکخراوە پیشەییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی...هتد. رێکخراوێکی خێرخوازی و ژینگەپارێزیشی تیایە: رێکخراوی هیوای هەژاران، رێکخراوی سروشتی کوردستان.

سەرچاوە:

*یاسین رەسوڵ عوسمان، مێژووی دەربەندیخان لەبنیاتنانەوە تا چرکەساتی راپەڕین (١٩٥٤_١٩٩١)، چاپی یەکەم، چ.نەنوسراوە، دەربەندیخان/ ٢٠٠٤.

*چاوپێکەوتن لەگەڵ (محمد ناسیح مەلا حەسەن_قائیمقامی دەربەندیخان)، (عوسمان حەمە رەشید_ سەرۆکی یانەی وەرزشی دەربەندیخان)، (محمد حسێن قادر_کەسایەتی کۆمەڵایەتی) 2017.

# پێکهاتەی ناوچەی دەربەندیخان

شاری دەربەندیخان ناوەندەکەیەتی، پێش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە ٥ گەڕەك پێکهاتبوو: سەرا، کانی تو، شارەوانی، کۆماری، کەمپی خواروو. پاش راپەڕین فراوانتربووەو ئێستا لە ( ١٦ ) گەڕەك پێکدێت:

زمناکۆ، هەوارە بەرزە، کانی تو، شارەوانی، سەرا، خێلان، سیروان، شەهیدان، راپەرین، گولان، شۆڕش، پیشەسازی، وارماوا، قەلا، کانی سارد، دەرسیم.

دەربەندیخان ( ١٠ ) شەقامی گشتی تیادایە: ناوبازاڕ، کەمپی خواروو، ٣٠ مەتری یەکەم، ٣٠ مەتری دووەم...هتد.

بازاڕەکەی پێش راپەڕین نزیکەی ٢٠٠ دوکانێك بووە، ئێستا فراوانتربووە و چەندین بازاڕی تری تیادا دروستکراوە، دەیان مارکێتی بچوك و گەورەی لیَ یە: پێشمەرگە، لەندەن، هەرزان بازاڕی حاجی سەلاح، هەرزان بازاڕی حاجی حەمید، حەمەی گولْبۆ، شارەکەم، مێخەك، نەوشیروان ...هتد، کە بەشێکی زۆری پێداویستی رۆژانەی خەڵك دابین دەکەن.

ناوەندی قەزای دەربەندیخان ٥٣ باخچە، زیاتر لە ٤٠ هەزار نەمام، ناوەندی شەقامەکانیش ٧ باخچەی تیایە، رێژەی سەوزایی لە ١٠٪،

کە بەشی باخچەکانی سەر بە شارەوانی دەربەندیخان سەرپەرشتیان دەکات.

باخی گشتی دەربەندیخان کۆنترین باخی گشتی شارەکەبووە و کەوتۆتە ناوەڕاستی شارەوە، لە ئێستادا کراوەتە شوێنێکی کەلتووری، حکومەتی پێشووی عێراق، لە سالآنی حەفتاکان و هەشتاکاندا، لەچەند شوێنێکدا درەختی سنەوبەری رواندووە، کە هەندێکیان وەك سەیرانگایان لێ هاتووە، بەتایبەت دارستانی دەروازەی دەربەندیخان لەنزیك تونێلی سەرەوە و سەردەمانێك خەڵکی بۆ سەیران و ئاهەنگکردن روویان تێدەکرد. دەربەندیخان چەند مزگەوتێکی لێ یە: گەورە، احسان، شافعی، حاجی سالّح، کانی تو، زیائەدین، حاجی کاکی ..هتد.

دەربەندیخان چەند دوکان و یانەی مەی فرۆشتن و مەی  خواردنەوەی لێیە، چەندین کارگەی جۆراوجۆریشی لێ یە: هاڕینی دانەوێڵە ٢، سەمونخانە ٩، نانەوا ٢٥، پلاستیك ٢٠، ئەلەمنیۆم ٩، ئاسنگەر ٢٢، بلۆك ٩، بەرگدروو ٢٧، غەسالەی چەوولم ٢٢، دارتاش ١٥، هاڕینی بەرد ٤ دانە.

دەربەندیخان ٥٤ گوندی لەسەرە (بەگوندەکانی ناحیەی باوەخۆشێن)یشەوە، ٤٤یان ئاوەدان کراوەتەوە و کاروباری زەوی و زار و کشتوکاڵی ئەو گوندانە لەلایەن کشتوکاڵی دەربەندیخانەوە بەڕێوەدەچێت:
ئەحمەد برندە، بانی بۆلان، بانی خێلان، بەشی عەلی، بێمارۆك، پشت قەلا، پونگەلە، بیرکێ، تۆپخانە، تازەدێی حاجی حەسەن، تولەبی، چنارە، چەمە ڕەش، حەسەن کارە، دەرەدۆین، دەلفی خواروو، دەلفی سەروو، دەنگەوەرە، دۆلی ناوحەد، دێ سوتك، زارێن، زمناکۆ، سەرشاتەی خواروو، سەرشاتەی سەروو، سیارە، شەمێران، عازەبان، قاشتی، کارێزە، کانی ژنان، کانی کەوە، کەرکۆلە، کۆکۆیی شەمێران، گولانی سەروو، گولانی خواروو، لالی خان عەبدولقادر، لالی خان حەمەی فەرەج، لاوەران، ملەکەوە، مۆرتکە، وازۆل، وەرمن، ولۆەڕ، دێوانە، ئیمام قادر، ناوتاق، چەمەرگە، دێوانە، فەقێ جنە، گولانی وەستاکان، گولانی حاجی کاك ئەولا، گولانی حەمەی مەحمود، کانی حەیران، نەژوێنی.

زەوی میری: بەراو ٢٠٦٤ دۆنم، دێم ٤٢٨٤٨ دۆنم، بەردەلان ٧٧٥٥٣دۆنم، دارستانی سروشتی ٩١٦دۆنم، دارستانی دەستکرد ٢٤٠٦٠دۆنم، باخ ٥٨٤دۆنم. زەوی موڵك: بەراو ٤١٠دۆنم، دێم

٨٥١٤دۆنم. ژمارەی جوتیاری پەیوەست: ٦٣٠ جوتیار، ژمارەی جوتیاری موڵك ٢٦٥ جوتیار.

سامانی ئاژەڵ: ژ.دەواجن ٢٨ دانە، ژ.گاوداری (مەڕو بزن) ١ دانە.

جۆرەکانی کشتوکاڵ: گەنم، جۆ، نۆك، ماش، برنج و هەموو جۆرەکانی سەوزەوات، تەماتە و خەیار، بامیێ، کولەکە، لۆبیا، پەتاتە، کونجی، زەیتون، هەنار، هەنجیر، کاڵەك، شوتی. هاوکات مەڕو بزن و مانگاو گامێش و هەنگ ی تیادا بەخێودەکرێت.

لەرووی ئاژەڵدارییەوە خەڵکانێکی زۆر لەم ناوچەیە بەو کارەوە خەریکن و نزیکەی ٨٠٠٠٠ مەڕو بزن و ٧٠٠٠ مانگا هەیە.

ناحیەی باوەخۆشێن: ١٠ گوندی لەسەرە، هێشتا زەوییە کشتوکاڵیەکانی جیانەکراوەتەوەو سەر بە کشتوکاڵی دەربەندیخانە.

دەربەندیخان شوێنێکی گەشتیاری ناسراوە ئەویش بەهۆی ئەوەی شوێنەکەی دیمەنێکی گەشتوگوزاری هەیە و دەریاچەو بەنداوی دەربەندیخان و چەمی دێوانەی لێ یە، بواری گەشتیاری لەلایەن گەشتوگوزاری دەربەندیخانەوە بەڕێوەدەبرێت.

دامەزراوە گەشتیارییەکان: ئوتێلی دەربەند پالاس، مۆتێل دەربەندیخان، کابینەی گەشتیاری، هەوارگەی گەشتیاری، باخچەی گەشتیاری، کەمپی خواروو، شاری یاری، کافتریای گەل، خواردن و خواردنەوەی دەربەندیخان.

دەربەندیخان چەندین پاشماوە و شوێنەواری دێرینی تیایە: پەرستگای زەردەشتیەکان، تونی بابا، تونی عازەبان، ئەشکەوتی کونە کۆتر، ئەشکەوتی کونە شەمشەم، قەلای پشت قەلا، ئەشکەوتی مارۆچن، ئاسەواری گوندی ئیلام، پەیکەری تاردۆنی، شوێنەواری پەیکولی (بتخانە).

بەنداوی دەربەندیخان: یەکێکە لەپرۆژە گەشتیاریی و ئاودێرییەکان، دەکەوێتە باشوری رۆژهەلاتی شاری سلێمانی و رۆژهەلاتی شاری دەربەندیخان و ٥ کم لەناوەندی شار دوورە.

لەسەرەتای سالانی پەنجاکانەوە لەلایەن کۆمپانیای (هازار)ی ئەمریکییەوە نەخشەی کێشراوە، لەسالی ١٩٥٦ لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی ئەمریکی و ئەلمانیی و فەرەنسی و بەریتانی و رۆمانییەوە دەست بەدروستکردنی کراوە، لە ٢٣ /١١/١٩٦١لەلایەن

(عەبدولکەریم قاسم)ی سەرۆکی ئەوکاتی عێراقەوە لەئاهەنگێکدا کراوەتەوە.

بەنداوەکە (گڵ)ییەو ناو کرۆکی (قوڕ)ییە و بەچەو و لم و بەرد و خۆڵ کاری کوتانەوەی بۆ کراوە، توانای گلدانەوەی ٣ ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیە، بەپانتایی ١١٨ کم چوار گۆشە و بەرزییەکەشی ١٢٨ مەترە.

بەنداوەکە ٣ یەکەی کارۆ ئاوی بەکارهێنانی کارەبایی لەسەرە کە توانای هەریەکەیان (٨٣ مێگاوات/سەعات)ە.

رووبەری ئەو پانتاییەی کە ئاوی باراناو ئەرژێتە ناو بەنداوەکە ١٧٨٥٠کم چوار گۆشەیە و رێژەی ٧٥٪ی کەوتۆتە ناو رۆژهەلاتی کوردستانەوە (ئێران)ەوە. ئاوی بەنداوەکەش بۆ کارەبا و کشتوکاڵ سودی لێ دەبینرێت.

لەدەربەندیخان ٢ تونێل هەیە: تونێلی خوارەوە کەوتۆتە ژێر بەنداوەکەو ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن کۆمپانیای (D.K.C)ی ئەمریکییەوە دەستکراوە بەدروستکردنی و ساڵی ١٩٥٩ تەواو بووە، درێژییەکەی ٤٠٠ م و تیرەکەی٩ مەترە.

تونێلی سەرەوە، کەوتۆتە سەر رێگای سەرەکی سلێمانی _ دەربەندیخان، ساڵی ١٩٥٥ لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی فەرەنسییەوە دەستکراوە بەدروستکردنی، ساڵی ١٩٦١ تەواوبووە، درێژییەکەی ٧٢٠ م ، و لەشێوەی نیوە بازنەدایە، و تیرەکەی ٩ مەترە. دەوترێت ٤ کرێکار لەکاتی دروستکردنیدا گیانیان لەدەستداوە کە یەکێکیان ناوی (عارف باقوبەرەیی) بووە.

لەدەربەندیخان وێستگەی کارۆ ئاوی هەیە، ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی ئەڵمانی و ژاپۆنی یەوە دەستکراوە بەدروستکردنی و بڕیاربووە ساڵی ١٩٨٢ تەواو ببێت، بەڵام بەهۆی جەنگی عێراق_ ئێران ەوە نەتوانراوە تەواوبکرێت، دواجار توانراوە لەساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ تۆڕی کارەبای عێراقەوە پێکەوە ببەسترێنەوە.

لەدەربەندیخان کارگەی ئاوی کانزایی بانی خێڵان هەیە (ئێستا ناوەکەی سیروان)ە، لەساڵی ١٩٨٠ لەلایەن کۆمپانیایەکی بولگاری بەناوی (تەکنۆ_ئەکسپۆرت) دەستکراوە بە دروستکردنی و ساڵی ١٩٨٣ تەواوبووە، دەیان کرێکارو کارمەندی ناوچەکە کاریان تیادا کردووەو

بژێوی ژیانیان لەسەر ئەو کارگەیە بووە، هاوکات بووەتە هۆی گەشەسەندنی زیاتری شارەکە.

کارگە دوو جۆر بەرهەمی هەبووە: ئاوی کانزایی بانی خێڵان، بیبسی کۆلای بانی خێڵان، هەردوو بەرهەمەکەشی لەعێراق دا بۆ کوالیێتی و تام خۆشی ناوبانگی خۆی هەبووە.

لە مانگی ٤ ساڵی ١٩٨٨ بەهۆی جەنگی عێراق _ ئێران ەوە کارگەکە بەبڕیارێکی حکومەتی عێراق کارگەکە گوازراوەتەوە بۆ خوارووی عێراق. دواتر جارێکی تر لەساڵی ١٩٩٠ دەستکراوەتەوە بەبەرهەمهێنانی ئاوە کانزاییەکەی، دوای ڕاپەڕین بۆ ماوەی چەند ساڵێك بەرهەمی وەستاوە، دواتر بەناوی (سیروان)ەوە دەستی کردۆتەوە بەکارکردن.

لەدەربەندیخان چەندین گۆڕستانی کۆن و نوێی لیٚ یە: گۆڕستانی سەیەق، کانی سارد، گۆڕستانی کۆنی ژاڵەناو، گۆڕستانی کۆنی بیرکیٚ، گۆڕستانی کۆنی ئیمام قادر..هتد.

چەندین گۆڕستانی بچوك و مەزارگە و شەخس و پیری لیٚ یە کە هەندێکیان خەڵك بەپیرۆزیان دەزانن و سەردانیان دەکەن: ئیمام محەمەد،

پیر باولی، ئیمام محەمەدی خۆرەتاو، مەزارگەی ئەحمەد بڕندە، ئەسحابە مەولەوی، ئەسحابە ئەحمەد، مەزارگەی مەولەوی، مەزارگەی چل مەردە، مەزارگەی شێخ نیزامەدین، زەینەل عابدین..هتد، هەندێ لەو شوێنانە خەڵك بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی و زۆرجاریش بۆ گەشت و سەیران سەردانیان دەکەن، هەندێك لەو گۆڕ و مەزارانەش نەخش و هێما و نوسین لەسەر کێلەکانیان هەیە.

لەسنوری دەربەندیخان ٧٧خوێندگا هەیە ( باخچەی ساوایان، ئامادەیی، بنەڕەتی، خوێندنی خێرا، نەهێشتنی نەخوێندەواری)، هەروەها ١٤٧١٢ خوێندکار و ١٣٣٢مامۆستا هەیە کە یەکەمیان ڕێژەی نێر لە ٥٢٪ و مێ لە ٤٨٪ە، دووەمیشیان ڕێژەی نێر لە ٤٦٪ و مێ لە ٥٤٪ە.

١پەیمانگەی تەکنیکی حکومی و کۆلیژێکی شەریعی ئەهلی لەناوەندی قەزای دەربەندیخاندا هەیە.

لەدەربەندیخان ١ نەخۆشخانەی گشتی و٢ مەڵبەندی تەندروستی و ١٠ بنکەی تەندروستی و ١سەنتەری چارەسەری سروشتی ، زیاتر لە ٤٣ پزیشك و ٢٠٣ کارمەندی تەندروستی هەیە.

پرۆسەی ڕاگواستن و ئەنفالەکان لەساڵانی ١٩٧٥_١٩٨٨ چەندین بواری ژیاری ناوچەکەی لەباربردووەو هیچ خانوو، مزگەوت و تەلارێکی کەلەپوری نەماوە لەناوچەکەدا، خاپور نەکرابێت یاخود زیانی پێنەگەیشتبێت.


سەرچاوە:

*کۆچەر کەریم حەمە عەلی، دەربەندیخان لەمێژوودا، چاپی یەکەم، چ. گەنج، سلێمانی ٢٠١٢.

*چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەمجەد ئەسعەد) بەڕێوەبەری کشتوکاڵ، (ئەنوەر حەمە عەلی) بەڕێوەبەری گەشتوگوزار، ئامارەکانی فەرمانگەی ئاماری دەربەندیخان ٢٠١٧، ئامارەکانی بەشی باخچەکانی شارەوانی دەربەندیخان ٢٠١٧.

# زمان و ئەدەبی دەربەندیخان

شێوەی ئاخاوتنی ئەم ناوچەیە بەشێکە لە دیالێکتی کوردی ناوەڕاست (سۆرانی) و لەزاری ناوچەی بانەی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە نزیکە، بەهۆی ژیانی کشتوکاڵی دانیشتوانەکەیەوە تاڕادەیەك زارێکی گوندنشینانەیە و دوو جۆر ئاخاوتنی هەیە بە کەمێك جیاوازییەوە:

یەکەم_ شێوەی ناوچەی گوندەکانی ئەوبەری رووباری سیروان: شەرەفبەیانی، وەڵەدبەگی، کوێرەکی، باوەجانی، وەڵی، خێڵی باوە، هۆرێنی، بانی بی.

دووەم_ شێوەی ناوچەی گوندەکانی ئەمبەری رووباری سیروان: سەلیم پیرك، بانی خێلان، هاروونی، باوەخۆشێن، چەمەرگە.

زاری ناوچەی دەربەندیخان چەندین وشەو دەربڕینی تایبەتی هەیەو خاوەن ئەدەبێکی فۆلکۆری فراوانە، بەتایبەت: پەند و ئیدیۆم، چیرۆك و ئەفسانە، هۆنراوەو گۆرانی.

لەبەرئەوەی ناوچەی دەربەندیخان ناوەندی هاتوچۆی گەرمیانی عەشیرەت و تیرە و هۆزەکانی (جاف) بووە، خاوەنی دەیان چیرۆك و داستان و حیکایەتی جۆراوجۆرە.

لەناوچەی دەربەندیخان چەند زاناو شاعیری بەناوبانگ هەڵکەوتووە: شێخ حسێن بەرزنجی (شێخ حسێنی بێ هەور)، مەلا قادری سۆفی، مەلا حەسەنی هۆرێن، شێخ سەلامی عازەبان، شێخ سەلام سۆڵەیی..هتد.

لەناوچەکەدا چەندین دەستنوسی کۆن و دەگمەن هەیە، بەشێکی کەمیان، وەك سامانی نەتەوایەتی پارێزراون و بەشێکی تریشیان پەراوێزخران، لەنمونەی قورئانەکەی سەید ئەحمەدی قەیتولی لەتاوەگۆزی، ئەم قورئانە یەکێکە لەو دەستنوسانەی کە بەدەست نوسراوەتەوە و بە قورئانەکەی سەید ئەحمەدی قەیتولی ناسراوە. ئەم قورئانە بایەخێکی زۆری پێدراوەو بەباشی پارێزگاری لێ کراوە، بەخەتێکی جوان نوسراوەتەوە، دەست بەدەستێکی زۆری پێ کراوەو هەرماوەیەك لای یەکێك بووەو پاراستویەتی، قەبارەکەی مام ناوەندییە بە پێوانەی (١٤*٢٠) سم، ئەم قورئانە لەساڵی (١٢٧٠) ك بەدەستوخەتی محمەدی کوڕی عەلی نوسراوەتەوە.

بەڵام ئەو نوسینەی کە ئاماژەی کردووە بەوەی ئەو کەسە خەڵکی کوێیەو لەکوێ دانیشتووە سڕاوەتەوە، دوای ئەوە هەر لەهەمان ساڵدا

لەلایەن سەید ئەحمەدی کوڕی سەید حەیدەری قەیتولی تاوەگۆزی وەقفکراوە.

لەساڵی (١٢٧١)ك بەفەرمانی سەید ئەحمەدی مامی (ئەحمەدی دەرگا شێخانی) دووجار تەصحیحی کردووە، دوای ئەوە مەولەوی کراوە بەشایەتی ئەم وەقفەو مەولەوی بەخەتی خۆی شایەتیەکەی نوسیووە.

دەربەندیخان لەسەدەی بیستدا، چەندین شاعیرو نوسەرو وەرگێڕی لێ هەڵکەوتووە و دەیان کتێب و توێژینەوەو وەرگێڕانیان خستۆتە کتێبخانەی کوردییەوە، لەپێش راپەڕینی ١٩٩١ و دوای راپەڕینیشەوە چەند کتێبخانەو ناوەندێکی رۆشنبیری لێ کراوەتەوە: کتێبخانەی بابان، کتێبخانەی باوە قوبلای، کتێبخانەی خۆشك، کتێبخانەی هاوار، کتێبخانەی خەبات، کتێبخانەی رەسەن، خانەی روناکبیری و هونەر، قاوەخانەی رۆشنبیر، سەنتەری چالاکی گەنجان، قاوەخانەی کەلتوری، سەنتەری چالاکی لاوان، هتد.....

سەرچاوە:

*کۆچەر کەریم حەمە عەلی، دەربەندیخان لەمێژوودا، چاپی یەکەم، چ. گەنج، سلێمانی ٢٠١٢.

# هونەر و ڕاگەیاندن

چیرۆکی دەستپێکردن و پەیدابوونی هونەر لەم شارەدا بۆ یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سالآنی پەنجاکان، ئەوکاتەی بیانییەکان ئەوانەی کە لەدروستکردنی تونێل و بەنداوەکەدا کاریان کردووە لەگەڕەکی کەمپی خواروو، شەوان (سینەما)یان داناوە بۆ کرێکارەکان و فلیمیان بۆ نمایشکردوون.

لەساڵی ١٩٥٩ش تیپی ئاسۆی شاری هەڵەبجە، هاتونەتە دەربەندیخان و بۆیەکەمجار لەبارەگای نەقابەی کرێکاران شانۆگەرییان نمایشکردووە، شانۆییەکە ناوی (تاوانی دەرەبەگ) بووە، کە (موعتەسەم رەشید) نوسیویەتی،و (جەمال مەلا قادر) کاری دەرهێنانی بۆ کردووە.

لە ١٩٧٠/١٢/٧شدا بۆ ماوەی (٥) رۆژ شانۆیی (کچی خۆمەو ئەیفرۆشم) نمایشکراوە، ئەم شانۆییە لەنوسینی (جەمال سەعید) بووە کە ئەوکات بەڕێوەبەری قوتابخانەی دەربەندیخان بووە و مامۆستا (عەبدولی حەمە جوان)یش کە ئەوکات مامۆستا بووە لەگوندی کانی سارد، کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، ئەم کەسانەش رۆڵیان تیادا گێڕاوە: عومەر حەمە سالّح، مامۆستا غازی، شەماڵ صابر، محەمەد عەبدولآ، عەبدول

سەعید، بەختیاری عەبدە، عەبدولی حەمە جوان، جەلال شێخ قادر، رزگار عەبدە، جەلال فەقێ ئەحمەد، عەبدوڵا خەجێ، ئەحمەد رەمەزان، نەوزاد کاکە تەها، حسێن شێخ رەئوف، شێروان حسێن جندی، عوسمان هەژار، مامۆستا محەمەد حەمە یاد. ئەرك و مەسروفی شانۆییەکەش لەئەستۆی (جەلال شێخ قادر) بووە.

ساڵی ١٩٧٢ بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، شانۆیی (مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان، چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان) نمایشکراوە، کە لەنوسین و دەرهێنانی (جەلال فەقێ ئەحمەد) بووە.

شانۆیی (دوانزە سوارەی مەریوان) ١٩٧٣/ ئەم کەسانە رۆڵیان تیادا گێڕاوە: ئەمین شێخ تاهیر، شێخ ئەمین نێرگسەجاڕ، شاعیر شێخ حسێن بەرزنجی کە ئەوکات مأمور نفوسی دەربەندیخان بووە، قادر ئەحمەد، مەلا ساڵحی باوەخۆشێن، مەلا غەریب شەمێرانی.

ساڵی ١٩٧٦ شانۆیی (نەهێشتنی نەخوێندەواری)، لەخوێندنگاکاندا نمایشکراوە.

لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە جوڵانەوەیەکی تری شانۆیی دەستپێکردووە، تا لەساڵی ١٩٨٦ لەسەر دەستی (دڵشاد حسێن)

دەبێتە پرۆژەی تیپی شانۆیی دەربەندیخان و چەندین کاری شانۆیی نمایش دەکەن، ئەم کەسانەش لەزۆربەی شانۆییەکاندا رۆڵیان بینیوە: دڵشاد حسێن، تۆفیق عومەر، خەلیل حەمە عەلی، خالید عەزیز، فریشتە ئەسعەد، ساڵح ئەحمەد، ماجد ئەحمەد، کەمال حەمە رەشید، جەبار محەمەد، رەنگین مەحمود، محەمەد ئەحمەد رەزا، تاهیر حەسەن، عەتا عازەبانی، حەمە رەئوف ئەحمەد، سەردار مەحمود، بەیان خان.

ئەمەش بەشێکە لەو شانۆییانەی لەو ساڵانەدا نمایشکراون: زیندان ١٩٨٥، پارەی دەرمان ١٩٨٧، خەج و سیامەند ١٩٨٧، گرێ ١٩٨٩، چارەنوسی مرۆڤێك ١٩٨٩، زریکەی عەشق، کابرا سەیرەکە، فایلی ٦٧.

لەدوای راپەڕینیش بزاوتی هونەری و شانۆیی لەشارەکەدا گەشەیەکی بەرفراوانی کرد و چەندین گرووپی شانۆیی و ئەکتەری نوێ دەرکەوتن و چەندین ڤیستیڤاڵی هونەری وشانۆیش رێکخران، گرووپە شانۆییەکانیش توانیویان بەشداری چەندین ڤیستیڤاڵ بکەن و خەڵات ببەنەوە.

لەدیارترین شانۆکارانیش: نەریمان مەجید، سارا عەلی، چنور مەحمود، محەمەد ئەحمەد، خالید عەلی قادر، ئاواز محەمەد، عوبێد ئەحمەد، رزگار

ساڵح، هۆشیار ساڵح، فەرهاد حسێن قادر، فەرەیدون حسێن قادر، حەسەن حەمە ساڵح، کامەران ئەحمەد، پێشڕەو حەمید، سوار ساڵح، ڕێبوار حەسەن، دڵشاد فایەق، گۆران عەلی فەرەج، شەهاب ئەحمەد، ئاراز عەبدولڕەحمان، سامان عەبدولڕەحمان، ڕۆشنا ئەحمەد، هونەر حسێن قادر، زانا عەزیز، پشتیوان ئەحمەد، ئاشنا عارف، تەلار حەمە عەبدولقادر، تانیا حەمە عەبدولقادر، نیگار عەلی..هتد. گرووپە شانۆییەکانیش: مەشخەڵ، پێشکەوتن، بروسك..هتد.

بەشێك لەو کارە شانۆییانەش کە لەساڵانی نەوەدەکان نمایشکراون: هەڵۆ، پەتا سپیکە، حزبی سەلامەت و کەرامەت، بەرگە ئەفسوناوییەکەی پاشا، کەلاوەی نان، چاو، خەونەکانم، براکوژی، حەسار، جەلاد، شاری ئەوین، گەڕانەوەی بەکر مەرگەوەڕ، بۆیاخچییەکان، زەوی ئاسن و ئاسمان مس، قەڵای دمدم، لۆزان، درەختەکان و تیرۆری مەرزوق، شارەکەم، میم، گەشتی چارەنوس، تابوت ساز..هتد.

لەدوای ساڵی٢٠٠٠ یشەوە ئەم کەسانەش کاری شانۆییان کردووە: شەماڵ ئەحمەد، بەڵێن هادی، عەتا محەمەد، سیروان رەفعەت، وەندی عەلی، ئارام عەبدولڕەحمان، هیوا عەبدوڵا...هتد.

لەنمونەی کارە شانۆییەکانی دواى ساڵانی ٢٠٠٠یش: چیای سەگەبازوو، کێڵگەی جانەوەران، لیدی ماکبێس، عەبا، کلیلەو دیمەنە، دوژمنی گەل، من یەکێك نیم لە ئێوە، حەشارگە، خەونە ترسناکەکانی یوسف، مردنێك سارد وەك زستان، حەشارگە، دوا هەواڵ..هتد.

لەساڵانی رابوودوشدا چەند جارێك ڤیستیڤاڵی شانۆیی سەرشەقام بەبەشداری تیپە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ ئەنجامدراوە. لەئێستاشدا تیپی شانۆیی دەربەندیخان، تیپی عەشق ی شانۆیی، گرووپێك لەگەنجان کاری شانۆیی دەکەن.

لەبواری هونەری گۆرانی بێژیشدا، لەشایی و بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا لەپەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابووردودا چەند گۆرانیبێژێك هەبوون کە گۆرانیان وتووە لەدیارترینیان پیاوێکی دەنگخۆشبووە بەناوی (حەمەی حاجی حسێن بیرکێ).

یەکەم دەرکەوتنی گۆرانی بێژی شارەکەش، کە لەتەلەفزیۆنەوەی دەرکەوتبێت مامۆستا عەزیز بووە ناسراوە بە (عەزە مەلەکە)، کاتێك لەساڵی ١٩٨٢ بەشداری یەکەم بەرهەمی خانەی مامۆستایانی کردووەو ٢ گۆرانی بەناوی (ئای نەخشانم، مەلەکە) لەتەلەفزیۆنی بەغدا تۆمارکردووە.

لەساڵانی ١٩٩٥_١٩٩٧، دوو گەنج بەناوەکانی. سەلیم تەنیا و ئاراس محەمەد خولی مۆسیقایان کردۆتەوەو ژمارەیەك گەنجیان فێری مۆسیقا کردووە.

لەو کەسانەی کە لەساڵانی نەوەدەکان ژەنیار بوون: عەتا حاجی مەجید، فەرەیدون حسێن قادر، شاخەوان حسێن، زانا نوری، شاکر حسام الدین، مەجید مەحمود.

بەشی مۆسیقای سەنتەری چالاکی گەنجانیش چەندین خولی کردۆتەوەو ژمارەیەك گەنجی لەو بوارەدا پێگەیاندووە، کە تائێستاش شوێن دەستیان دیارە لەوانە: هونەر عەلی حاتەم، عەلی عەتا، ڕێبین عومەر، سەیوان عومەر، پشتیوان نامیق (هێور)، گەلاوێژ حەمە قادر، دڵشاد

عەلی، هێمن تالیم، بابان ئەنوەر، بابان ساڵح، وەرزێر حەمە تاهیر، ئەدیب وەهاب، رێبوار مەلود، حەبیب محەمەد.

لەهەمانکاتیشدا رێکخراوی ئازادی لاوانیش چەندین خولی مۆسیقاو شانۆیی کردۆتەوە.

لەساڵانی ٢٠٠٦ بەدواوە تیپەکانی مۆسیقای دەربەندیخان و دەڤی وەفایی دروستبوون و رۆڵیان گێڕاوە لەبەرەو پێشەوەبردنی بواری مۆسیقا و گۆرانی، و چەندین ئاهەنگ و کۆنسێرتیان، لەناوەوەو دەرەوەی ناوچەکەدا سازکردووە.

ساڵی ٢٠٠٧ خانەی روناکبیری و هونەر کراوەتەوە، کە ئێستا شوێنەکەیان کراوەتە قاوەخانەی کەلتوری، ئەمانیش چەندین چالاکی هونەری و مۆسیقایان ئەنجامداوە

چالاکی راگەیاندن، ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان، تەنها ئەو بڵاوکراوانە بوون، کە خوێندکاران بەهاوکاریی مامۆستاکانیان، لەسەر دیواری خوێندنگەکان هەڵیانواسیوە، هەروەها ئەندامی رێکخستنی نهێنی حزب و رێکخراوەکان، بەنوسین و هەڵواسینی بڵاوکراوەی حزبەکان، لەسەر دیواری شاردا، چالاکی راگەیاندنیان کردووە.

یەکەمین رۆژنامەش کە لەشارەکەدا دەرکرابێت رۆژنامەی (دەربەندیخان) بووە، ژمارە (سفر)ی ئەم رۆژنامەیە لە رۆژی ٢٠٠٥/٢/٨دەرکراوە، رۆڵێکی گرنگ و پڕ بایەخی لەناوچەکەدا بینیووەو خوێنەرێکی باشی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە، خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەکە خالید عەلی قادر و سەرنوسەرەکەی هێمن مەحمود حەمە ئەمین بووە، ستافی نوسینیشی بریتی بوون لە: محەمەد عەبدوڵا، ئاراز عەبدولڕەحمان، شنۆ ئەحمەد، هێور نامیق، کاوە عەلی، راستی ئەحمەد، دانا عوسمان، بەختیار پیرك، هەنا محەمەد، وریا حەمە نەجم، دواتر چەند کەسێك لەمان پۆستی سەرنوسەرییان وەرگرتووە.

لەهەمان ساڵدا رۆژنامەی دەنگی نوێ دەرکراوە: خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر فەرمان خێلانی، جێگری سەرنوسەر بابان عەبدولکەریم.

لەبواری راگەیاندنی بیستراو وبینراویشدا لەدوای راپەڕین چەندین کەناڵی رادیۆو تەلەفزیۆنی ناوخۆیی لەشارەکەدا کراوەتەوە: تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ١٩٩١، رادیۆی مەڵبەند (ی.ن.ك) ١٩٩٤، رادیۆو تەلەفزیۆنی (پ.د.ك) ١٩٩٤، رادیۆو تەلەفزیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی ١٩٩٦، تەلەفزیۆنی حزبی سۆسیالست ١٩٩٩، تەلەفزیۆنی

ئازادی (حزبی شیوعی) ٢٠٠٠. لەئێستاشدا تەلەفزیۆنی ناوخۆیی ئازادی کە زیاتر یارییە وەرزشیەکان پەخش دەکات بەردەوامە.

بواری شێوەکاریش، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان، ئەویش بەهۆی ئەوەی چەند خوێندکارێکی شارەکە لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی خوێندویانە، دواتر گەڕاونەتەوە بۆ شارەکە لەوانە: واحید حەمە سور، عەتا عازەبانی، عومەر پیرك، جەبار حەمە غەفور. دواتریش جەمال سەعید، فاروق صابر، وەرزێر حەمە تاهیر، ئیبراهیم محەمەد، هەڵوان عادل شوکر. هەموو ئەمانە چەندین پێشانگای هونەرییان کردۆتەوەو بەشداری چالاکییە هونەرییەکانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیانیان کردووە.

سەرچاوە:

*یاسین رەسوڵ عوسمان، مێژووی دەربەندیخان لەبنیاتنانەوە تا چرکەساتی راپەڕین (١٩٥٤_١٩٩١)، چاپی یەکەم، چ.نەنوسراوە، دەربەندیخان/ ٢٠٠٤.

* چاوپێکەوتن لەگەڵ (حەسەن حەمە ساڵح_ شانۆکار وبەرێوەبەری رۆشنبیری دەربەندیخان_٢٠١٧).

# رووداوە گەورەکە

# ( بومەلەرزەکەی دەربەندیخان )

شەوی 12ی 11ی 2017 و کاتژمێر 9.45 دەقیقەی شەو، بومەلەرزەیەکی بەهێز بە پلەی 7.3ی ریێکختر شاری دەربەندیخان و دەوروبەری هەژاند و بوو بە هۆی گیان لەدەستدانی 5 هاولاتی و بریندار‌بوونی نزیکەی 100 هاولاتی تر، هاوکات زەرەرو زیانێکی زۆری بەشارەکە گەیاند.

بەگوێرەی ئاماری ئەو بۆردەی بۆ بەدواداچوونی زەرەرو زیانەکانی بومەلەرزەکە لەلایەن کۆمەلێك چالاکوانی شارەکە دروستکرا بەناوی (بۆردی داکۆکیکردن لەماف و بەرژەوەندییەکانی خەلك)، نزیکەی 1500 خانوو زیانیان بەرکەوتووەو 325 خانوویان بۆ ئەوە نەدەشیان کەسی تێدا بمێنێتەوە، لەگەل ئەوانەشدا 5 خوێندنگا وێران بوون و پرۆسەی خوێندنیان تێدا راگیرا.

لەدەربەندیخان نەخۆشخانەی گشتی شارەکە و دوو بنکەی تەندروستیش وێران بوون، ئەمە بێجگە لە زیانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا، کە سەرجەمی زیانەکانی هاولاتیان بە 17 ملیار دینار مەزەندە دەکرێت.


سەرباری زەرەرو زیانەکانی خانووی هاوڵاتیان و دامودەزگا حکومییەکان بەهۆی بومەلەرزەکەوە بەنداوی دەربەندیخانیش زیانی بەرکەوتووە و بەهۆی ئەو زیانەشەوە پلانی کارکردن بۆ گلدانەوەی ئاو گۆڕانکاری تیادا کرا.


حکومەتی عێراقیش بڕیاری تەرخانکردنی بڕی 3 ملیار دیناری دا تا بەنداوەکەی پێ نۆژەن بکرێتەوە و حکومەتی هەرێمیش چەندین ملیار دیناری بۆ بەنداوەکە و نۆژەنکردنەوەی کەرتی تەندروستی و پەروەردەیی و خزمەتگوزارییەکانی تر تەرخانکرد.


# وێنەکان

ئەمانە چەند وێنەیەکی قۆناغە جیاوازەکانی شاری دەربەندیخان و دروستکردنی تونێل و بەنداوی دەربەندیخانن لەسالآنی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەکانی رابووردودا...

بەسوپاسەوە لەتۆڕە کۆمەلآیەتیەکانەوە وەرگیراون


سالي 1958



مێژووی دە ربە ندیخان



Talarsazi (Architecture)
مێژووی دەربەندیخان





23/7/1955
سەرەتای دروستکردنی تونێلی دەربەندیخان



مێژووی دە ربە ندیخان










PUBLIC NOTICE










مێژووی دەربەندیخان











مێژووی ده ربه ندیخان



















Gustaf Wallén




Gustaf Wallén













ئەم وێنە گیراوە لە ٢٨/٧/١٩٧٩


IR






BARHAM


© Azhe Omar
TOYOTA
2700




© Azhe Omar




©Miran Abdulla


©Miran Abdulla


DLSHAD DARWESH




الملك فيصل الثاني رحمه الله..يضع حجر
الاساس لمشروع سد دربندخان
حذيفة حسين




پەیمانگای تەكنیكی دەربەندیخان
Darbandikhan Technical Institute
سالی 2005 دامەزراوە




دەربەندیخان
فوتۆ ڕەمەزانی شارەوانی
26 04 2013


شاری دەربەندیخان
فوتۆ ڕەمەزانی شارەوانی
26 04 2013


دەربەندیخان
فۆتۆ رەمەزانی شارەوانی
26 04 2013


شاری دەربەندیخان
فۆتۆ رەمەزانی شارەوانی
26 04 2013

*هێمن مەحمود حەمە ئەمین*

- *ساڵی* 1979 لە گەڕەکی سەرای دەربەندیخان لەدایکبووم
- سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لەدەربەندیخان تەواوکردووە
- دەرچووی بەشی ژمێریاری کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەدینم 2002
- سەرنوسەری یەکەمین رۆژنامە بووم لەشاری دەربەندیخان بەناوی دەربەندیخان/2006
- سەرنوسەری ماڵپەڕی روناکی پرێس بووم لەدەربەندیخان/ 2012
- رۆژنامەنوس و پەیامنێربووم لەدەربەندیخان و کارم بۆ چەندین رۆژنامە و ماڵپەڕ کردووە وەك (کوردستانی نوێ، هاوڵاتی، ئاکانیوز، دەنگەکانی عێراق، پیوکەی میدیا، سبەی، رۆژنامەی رۆژنامە)
- بۆ ماوەی 6 ساڵ لەکەناڵی KNN کارمکردووە
- چەندین وتارو بەرهەمم لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە
- خاوەنی چەند کتێبێکم

## سوپاس و پێزانین:

زۆر سوپاس بۆ هاوڕێی ئازیز (گۆران عەبدوڵا ) کە ئەرکی ئامادەکردنی بەرگی ئەم کتێبەی لەئەستۆ گرت.

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی خودی نوسەر چاپکراوە
و مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

2021